ژمارە 52
کانونی دووەمی 2009

# مەلا مەحموودی بایەزیدی و کولتووری ڕۆشنبیری کوردی

جەودەت هۆشیار
وەرگێڕانی: یاسین عومەر

مەلا مەحموودی بایەزیدی دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردییدا، چ وەك دانان یان وەرگێڕان لە بوارەکانی ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی و ئەسنۆگرافیدا خزمەتی بەم ڕۆشنبیرییە کردووە، ئەگەر گەورەترین بڕ نەبێت ئەوا بە بڕێکی زۆر و بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەشداریی کردووە لە کۆکردنەوەو کۆپیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەگمەنترین و گرانبەهاترین ئەو دەستنووسە کوردییانەی کە نێوەندیی خۆرهەڵاتناسیی لە ڕێیانەوە نموونەی بەرزیی کولتووری تۆمارکراوی کوردیی ناسیوە کە لە گرنگیدا هیچیان کەمتر نییە لە کولتووری زارەکیی کوردی، هاوکاریی زانستیی و بەرهەمداری بایەزیدی لەگەڵ یەکێك لە دیارترین دامەزرێنەرانی کوردناسیی لە ڕوسیا و ئەوروپا کە ئەلێکساندەر ژابایە (1803–1894) نمونەیەکی زیندووە لە کارلێکی بەپیتی نێوان کولتوورە جیاوازەکان، سەرباری ئەو ڕۆڵە پێشەنگەی کە بایەزیدی بینی بەلام تا ئەمڕۆش لایەنەکانی ژیننامەو چالاکییە هزریی و ڕۆشنبیرییەکانی بە نادیاری یان بە ئاڵۆزی ماونەتەوە، خۆ گەر ئەو تێبینییانە نەبوونایە کە ئەلێکساندەر ژابا تۆماری کردوون و ژنە خۆرهەڵاتناسی ڕوسی مارگرێت ڕۆدینکۆ (1930 – 1976) لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستدا پەردەی لە ڕوو هەڵنەماڵیبایە ئەوا ئەمڕۆ شتێکی ئەوتۆمان لەبارەی گرنگترین کەسایەتی ڕۆشنبیریی کوردیی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە نەدەزانی کە شایستەی باس کردن بێت. سەرباری هەموو ئەمانەش ئاسەوارەکانی بایەزیدی و بەرهەمە هزری و ئەدەبییەکانی بوارمان بۆ دەڕەخسێنن وێنەیەکی ڕۆشنمان سەبارەت بە سیماکانی ئەم زانا مەوسوعیە لا دروست ببێت و لە ڕێیەوە فراوانیی زانست و ڕۆشنبیریی و فرەیی بەهرەو هەمەچەشنی گرنگیی و بایەخەکانی و قووڵیی هۆشیارییە هزرییەکەی و لێکبوردنە ئایینیەکەی و دیدە پێشکەوتنخوازانەکەی (بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکەی) لەبوارەکانی هزرو ڕۆشنبیرییدا بەدوور لەو دواکەوتوویی و ساختەییەی کە لە سەدەی نۆزدەدا لە هەموو گۆشەو پەنایەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا باو بوو، بناسین.

گەر بەنێو ئەو دەستنووسە کوردییانەی کە لە گەنجینەکانی پیترسبۆرگدا پارێزراون بگەڕێین و منەیی ئەو تێبینی و تەعلیقانە بکەین کە ئەلێکساندەر ژابا تۆماری کردوون دەبینین کە مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمدا لە شاری بایەزید لەدایك بووە، ژابا ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بایەزیدیی بە تەواوی دیاری نەکردووە، وا بە ڕاست دەزانرێت کە لە نێوان ساڵا،ی (1797–1799) بێت واتە نزیکەی بەر لە 200و قسور ساڵ پێش ئێستا (بایەزید شارێکی کۆنە چەندین زانا و شاعیری کوردیی لێ لەدایکبووە لەپێش هەموویانەوە شاعیری نەمر ئەحمەدی خانی).

سەبارەت بە بەرواری مردنەکەیشی ئەوا زۆر لە بەرواری لەدایکبونەکەی ئاڵۆزترە، چوون سەرچاوەگەلێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ساڵی 1860 مرد بێت، بەلام ئێمە پێمان وایە کە ئەو مێژووە ڕاست نەبێت، چونکە چەند دەستنووسێك بە خەتی

بایەزیدی هەن کە مێژووی نوسین و تۆمارکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1867، بەهەر حاڵ دەبێت مردنەکەی دوای ئەم ساڵە بێت.

بایەزیدی سەرەتا لە شوێنی لەدایکبوونەکەی (شاری بایەزید) خوێندنــە بەراییــەکانی وەرگرتــووەو پاشــان بەمەبەســتی بەردەوامیدان بە خوێندنە زانستییەکەی کۆچی کردووە بۆ شاری تەورێز. ژابا دەڵێت کە بایەزیدی سەرباری زمانی کوردی زانست و زانیارییەکی زۆری لە زمان و ئەدەبیی فارسی و تورکی و عەرەبیدا بەدەستهێناوە، هەروەها زانستەکانی ئایین و مێژووی خوێندووە و بەتێپەڕینی کات بۆتە یەکێك لە زانا ناودارەکانی کوردستان لەسەردەمەکەی خۆیدا، لە ساڵی 1856دا کۆچی کردووە بۆ شاری ئەرزڕۆم کە تیایدا بەپیتترین و پێگەیشتووترین قۆناغی ژیانی دەست پێکردووە. شاری ئەرزڕۆم لە سەدەی نۆزدەدا گرنگترین شاری ئاسیایی تورکیا یان کوردستانی باکوری_ خۆرهەڵات بوو کە کاروانی بازرگانی هاتوو لە ئەوروپاوە ڕوو لە ئێران و هندو ڕوسیا و وڵاتانی تری ئاسیا بەوێدا تێدەپەڕین.

شارێك بوو چەندین نەتەوەی جیاواز تێیدا پێکەوە دەژیان: کورد بەپلەی یەکەم پاشان تورك و ئەرمەن، جگە لە ڕەوەندە بێگانەکان کە تێیدا دەژیان چالاکییەکی ئابووری (کشتوکاڵی و پیشەسازی) فراوانی تێدا بوو، هەروەها پڕ بوو لە مەڵبەندی زانستی و ڕۆشنبیری و پێگەیەکی سەربازیی ستراتیژی زۆر گرنگی هەبوو، بۆیە لە کاتی جەنگە وێرانکەرو دوبارەکانی نێوان ڕوسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گرنگییەکی زۆری بەدەستهێناوە.

ڕوسەکان بۆ ماوەیەك داگیرییان کردووەو پاشان بەپێی ڕێکەوتننامەیەك کە مۆریان کردووەو هەر بەناوی ئەرزڕۆمەوەیە لێی کشاونەتەوە، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە شاعیری ڕوسی ئەلێکساندەر پۆشکین ساڵی 1829 سەردانی شاری ئەرزڕۆمی کردووەو وەسفی کردووەو وتویە کە شارێکی جوان و دڵڕفێنە، بۆیە بە ڕێکەوت نەبووە کە وڵاتە گەورەکان سور بوون لەسەر ئەوەی کە قونسوڵیاتی دیبلۆماسیان لەم شارە کوردییەدا هەبێت. ئەلێکساندەر ژابا لە ماوەی نێوان ساڵەکانی (1836 بۆ1869) واتە بۆ ماوەی 33 ساڵ قونسوڵی ڕوسیای قەیسەری بووە لە شارەکانی ئەرزڕۆم و سەمیرنا (ئیزمیری ئەمڕۆ)، ڕەنگە ئەم ماوەیە بە بەراورد لەگەڵ خزمەتی دیبلۆماسی بۆ نوێنەرانی ڕووسیای قەیسەری لە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی تریشدا بەگشتی ماوەیەکی دوورو درێژ بووبێت، ئەلێکساندەر ژابا دیپلۆماتێك بووە و ئاستێکی بەرزی لە ڕۆشنبیری هەبووەو چەندین زمانی ئەوروپی و خۆرهەڵاتیی زانیوەو سەرسام بووە بە گەلی کوردو کردەوە جوانەکانی و ئەو تێگەیشتنەی کە کورد بۆتموح و ئاواتە ڕەواکانی ئەو هەیبوە بەبەراورد لەگەڵ سیاسەتی ڕوسیای قەیسەرییدا دیــد و ڕوانینــی بــۆ مەســەلەکان پێشکەوتنخوازانە بووە، ژابا هەر دیپلۆماتێك نەبووەو تەواو بەڵکو خۆرهەڵاتناسێك بووە کە دەوڵەمەندیی ئەدەبی میلی کوردی و هەمەڕەنگی و هەمەچەشنی ناوەڕۆکە فکریەکان و ئاستی بەرزیی جوانیان سەرنجی ڕاکێشاوە بۆیە دەستی کردوە بە فێربوونی زمانی کوردی و پەیوەندیی هزری و ئەدەبی لەگەڵ باشترین زانا و ئەدیبەکانی کورد لە ئەرزڕۆمدا دروستکردووە (کە لەو کاتەدا زۆربەیان پیاوانی ئایینی بوون)، و بە هەموو شێوازێکی شیاو هەوڵی داوە دەستنووسە کوردییەکان کۆبکاتەوە، یان داوای لە هاوڕێ کوردەکانی کردووە کە هەستن بە تۆمارکردنی بەرهەمە ئەدەبی و فۆلکلۆریە کوردییەکان، ژمارەیەك لە زانایان و ئەدیبانی شارەکە بەدەم داواکارییەوە چوون.

لەپێش هەموویانەوە بایەزیدی کە هەر لە هاتنیەوە بۆ شارەکە بووە باڵی ڕاستی ژابا لە کۆکردنەوەو لەبەرنوسینەوەی دەستنووسە کوردییەکان، و لەسەر داوای ژابا هەستا بە دانانی بەرهەمگەلێکی تایبەت بە کورد لە سەرجەم بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و وەرگێڕانی نمونەگەلێك لە سەرچاوەکانی شیعری فارسی بۆ سەر زمانی کوردی، هاوکاریی هزری و ڕۆشنبیری توندوتۆڵی نێوان زانایاکی ئایینی کوردو دیپلۆماتێکی بێگانەی ناموسوڵمان، ڕق و تووڕەیی توندڕەوەکانی دەوروژاند، لەبەرئەوە بایەزیدی (هەروەکو ژابا دەڵێت) بۆ خۆکەنارکردن لە وروژانی بێزاریی موحافەزەکاران زۆربەی کارەکانی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە تۆمار نەدەکرد، هەروەها دەسەڵاتدارانی تورکییش بەچاوی گومانەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان بایەزیدی و ژابایان کردووە، هەردوو دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری و عوسمانیش هەوڵیان دەدا لایەنگریی سەرۆك و کەسایەتییە کوردیە دیارەکان بەدەست بهێنن.

کاتێك باسی بایەزیدی دەکرێت یەکسەر مێشك و بیرمان بۆ لای کتێبە بەناوبانگەکەی (عادات و رسومەتنامە اکرادیە) واتە ((دابونەریتی کوردەواری) دەچێت کە دادەنرێت بە یەکەمین کتێبی ئەسنۆگرافی بە پێنوسی زانایەکی کورد کە لە هەمان کاتیشدا یەکەمین کتێبی پەخشانیشە لە سەر بابەتگەلێکی نائایینی. بایەزیدی ساڵی 1274ی کۆچی بەرامبەر 1858–1859ی زایینی ئەم کتێبەی نووسیوە کە باسی دابونەریت و باوەڕو ئەو پیشەو

کارانە لەخۆ دەگرێت کە کورد مومارەسەیان دەکات، هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی خانووەکانیان‌و شێوازی ژیانیان‌و جۆرەکانی هونەرو ئارەزوو و ئەو یارییانەی کە تیایاندا باو بووە، کتێبەکە زانیارییەکی ڕاستەقینەی چڕوپڕی تێدایە کە دەیکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ (ئەسنۆگرافیای کورد لە کوردستانی باکوور لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا. دانەیەك لەم کتێبە (کەنوسخەیەکی دەگمەنە بە دەستخەتی نووسەر خۆیەتی) لە کتێبخانەی ((سالتیکۆف شیدرین))ی گشتی کە کتێبخانەیەکی حکومییە لە شاری پترسبۆرگ ی ڕوسی هەیە. خۆرهەلاتناسی ڕوسی مارگرێت ڕۆدینکۆ هەستاوە بە لێکۆڵینەوەی دەستنووسەکەو وەرگێڕانی بۆ زمانی ڕوسی، لەگەڵ پێشەکییەك‌و چەندین تێبینی‌و تەعلیقی بەنرخ لەسەری کە لەتوێی کتێبێك بە زمانی ڕوسی لە ساڵی 1963 لە مۆسکۆ بلاوی کردۆتەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە زۆربەی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە بایەزیدین‌و تا ئێستا بلاوکراونەتەوە لەو پێشەکییەوە وەرگیراون کە ڕۆدینکۆ بۆ کتێبەکەی نووسیوە، هەروەها لەو تێبینی‌و تەعلیقانەوە وەرگیراون کە ئەو خانمە لەکاتی لێکۆڵینەوەی بۆ دەستنووسە کوردییەکاندا تۆماری کردون.

بابەزیدی زانایەك بووە کە بە باشی ئاگاداری نهێنی و وردەکارییەکانی زمانی کوردیی بووە، بەجۆرێك کە دوو کتێبی سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی نوسیوە یەکەمین بەناوی ((رسالە تحفە النحلان فی الزمان کوردان )) بەلام دووەمیان ناونیشانی نیەو ڕۆنانی فرمانەکانی زمانی کوردی‌و هەندێك ڕێزمانی کوردی لە خۆ دەگرێت، هەردوو دەستنووسەکە بە دەستخەتی بایەزیدین کە ساڵانی 1866–1867 لە ئەرزڕۆم تۆماری کردوون.

بەلام لە بواری فۆلکلۆردا بایەزیدی دەیان هەقایەت و چیرۆکی میللی باوی نێو فۆلکلۆری گەلانی هەردوو خۆرهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاستی لە فارسی‌و تورکییەوە وەرگێڕاوە. هەروەها لەتورکییەوە دەیان پەندی باوی نێو گەلانی ناوچەکەی وەرگێڕاوە، وەرگێڕانەکانی بایەزیدی بە جوانی و سادەیی زمانە کوردیەکەیدا جیا دەکرێتەوە، بێگومان بایەزیدی یەکەمین وەرگێڕە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوریدا، _ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت_ کەس بەر لەو کاری وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی‌و فۆلکلۆری یان هەر بەرهەمێکی دیکەی لە زمانەکانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی ئەنجام نەداوە. وەرگێڕانەکانی بایەزیدی وردو ئەمینن، بۆ سەلماندنی حیرسی زۆری لەسەر ئەمانەتە زانستییەکەش دەهات ئەسڵە فارسی یان تورکییەکەی لە پاڵ وەرگێڕانە کوردییەکەیدا دەنوسی.

بایەزیدی ساڵی 1858 لەشاری ئەرزڕۆم چیرۆکی (لەیلاو مەجنون)ی بە پەخشان تۆمار کردووە، لەکاتێکدا ئەم چیرۆکە لە ئەدەبی خۆرهەلاتیدا (فارسی، تورکی، عەرەبی) بە شێوەی داستانە شیعری ویژدانین. گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە زمانە خۆرهەلاتییەکاندا کەموزۆر لەگەڵ چیرۆکی (لەیلاو مەجنون)ە عەرەبییەکەدا لە ڕوداو و وردەکاری‌و ناوی پاڵەوانە لاوەکییەکاندا جیاوازن، بەجۆرێك کە هەر میلەتەو مۆرکی تایبەتی خۆی لە چیرۆکەکە داوە، چیرۆکی (لەیلاو مەجنون)ە کوردییەکەش خاوەنی مۆرکێکی کوردییانەیە، بەناونیشانەکەی نیە. ژنە خۆرهەلاتناس مارگرێت ڕۆدینکۆ هەستاوە بە شیکارکردنی ناوەڕۆك‌و شێوازی چیرۆکەکەی بایەزیدی‌و بەراوردی کردووە بە داستانە شیعرێکی جوان بە هەمان ناوەوە کە هی شاعیری کوردی کلاسیکی (حارسی بەدلیسی)یەو گەیشتۆتە دەرئەنجامێك کە چیرۆکە پەخشانەکەی بایەزیدی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی داستانە شیعرییەکەی بەدلیسییەو ئەو نوسینە (مەبەست لە چیرۆکەکەی بایەزیدیە) لە ئەدەبیاتی خۆرهەلاتیدا یەکەمین هەوڵە بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بەشێوەی پەخشان، و ڕەنگە چیرۆکەکەی بایەزیدی یەکەمین پەخشانە چیرۆك بێت لە ئەدەبی کوردیدا، واتە سەرەتاکانی پەخشانە چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە نەك نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، وەکو هەندێك لەو کەسانەی کە بەتەنها تەرکیز و بایەخی خۆیان لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستان چڕ دەکەنەوە، لەکاتێکدا درەختی ئەدەبی کوردی چەندین لقوپۆپی هەیەو درێژ دەبێتەوە بۆ هەر چوارلای سەرجەمی کوردستان.

بایەزیدی هەوڵێکی زۆری داوەو کۆششێکی گەورەی کردووە لەپێناو لەبەر نوسینەوەی گرنگترین دەستنووسە کلاسیکییە کوردییە گرنگەکانی چەشنی (مەم‌و زین) و (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی‌و (شێخی سەنعان)ی فەقێ تەیران‌و چەندین بەرهەمی دیکە، بایەزیدی هەر تەنیا گوێزەرەوەیەك یان نوسەرەوەیەك نەبووە، بەڵکو چەندین پێشەکی بەسوودی بۆ ئەو وەرگێڕانانە یان ئەو بەرهەمانە دەنووسی کە لە زمانەکانی دیکەوە وەریدەگێڕان، کە زانیارییان تێدا بووە لەسەر دانەران‌و بەرهەمەکانیان، هەر بۆ نمونە بایەزیدی پێشەکییەکی بۆ دەستنووسێکی عەلی تەرماخی کە سەبارەت بە ڕێزمانی کوردییە نووسیوە. هەروەها چەندین پێشەکی دیکەی بۆ دەستنوسگەلێکی تری نووسیوە کە وەریگێڕاون یان لەبەری گرتوونەتەوە.

ڕەنگە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی بایەزیدی بریتی بێت لە وەرگێڕانی بەشی یەکەمی کتێبی (شەرەفنامە)ەکەی شەرەفخانی بەدلیسی کە ساڵی 1859 پێیهەستاوە، پێشەکییەکی بەنرخی بۆ ئەم وەرگێڕانە نووسیووە کە تا ئێستاش بەهای خۆی لەدەست

ژمارە
52
کانونی دووەمی
2009

نەداوە، کە تیایدا باس لە پایەی بەرزی میر شەرەفخان و کتێبە نەمرەکەی دەکات، وا باوەڕ دەکرێت کە بایەزیدی لەسەر پێشنیاری ئەلێکساندەر ژابا ئەم کتێبەی وەرگێڕا بێت کە ژابا خۆی پێشەکییەکەی وەرگێڕاوە بۆ زمانی فەرەنسی. ڕۆدینکۆ سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی بایەزیدی بۆ کتێبی شەرەفنامە دەڵێت کە وەرگێڕانێکی وردو دەستپاکە. و ئەم کارە هانی بایەزیدی داوە مێژووی کوردستان بنووسێتەوە، لەوێوە کە شەرەفخان لە شەرەفنامەدا تێیدا وەستاوەو کتێبە بەقەبارەکەیشی ناونـاوە (تاریخ کوردستان الجدید) واتە مێژووی نوێی کوردستان، ئەم دەستنووسە لە هەزار لاپەڕە پێکهاتبوو، ئەلێکساندەر ژابا ساڵی 1865 بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناردویەتی بۆ ئەکادیمیای زانستە ڕوسییەکان لە پترسبۆرگ، کتێبەکە بەدەستخەتی بایەزیدی خۆی بووەو هەر یەك نوسخەش بووەو تائێستاش چارەنووسی نەزانراوە، خۆزگە توێژەرێك یان مێژووناسێکی کورد بەدوایدا بگەڕایە، ئەمە خوایە بەخت یاری بوایەو بیدۆزیایەتەوە، وەکچۆن هەندێ بەشی دەستنوسی (تاریخ اربل – مێژووی هەولێر)ی ئیبن مستەوفی کە لەدوای گەڕانی دوورو درێژ بەشوێنیدا لەو کتێبخانە جیهانییانەی کە بایەخ بە کۆکردنەوەو پاراستنی دەستنووسە دەگمەنەکانیان دەدەن، دۆزرایەوە.

ئا بەم شێوەیە دەبینین بایەزیدی زانایەکی ئینسایکلۆپیدیی هەمە بەهرەو بایەخ بووە.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر هەوڵە بەردەوامەکانیەتی لە دانان و وەرگێڕان و کۆکردنەوەی دەستنووسەکان و هاریکاری زانستیانەو پتەوی لەگەڵ کوردۆلۆجیستی دیار (ئەلێکساندەر ژابا)، کە بەشێکی گەورەو بەنرخی هەموو ئەمانە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان ماوەتەوە، کە دادەنرێن بە گرنگترین شت لە کولتووری کوردیدا.

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا یادی 200 ساڵەی لەدایکبوونی بایەزیدی تێپەڕی بەبێ ئەوەی کەسێك ئاهەنگی یادی بۆ بگێڕێت[1]، با ئەم وشە ناچیزانە سلاوی ڕێزو پێزانین بێت بۆ یادە خۆشەکەی و خزمەتە بەرزەکانی ئەو زاتە کە بە زیندوویی لە بیرەوەری نەوە یەك لە دوای یەکەکانی کورددا دەمێنێتەوە. بەسەریشماندا تێنەپەڕێت کە لێرەدا پێشنیار بۆ لایەنە بەرپرسەکان بکەین کە ناوی بایەزیدی لە قوتابخانەیەك یان پەیمانگایەکی هەرێم بنێن، چوون ئەو کارەی کە ئەو بەتەنها ئەنجامی داوە دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری تەواو ناتوانێت ئەنجامی بدات.

سەرچاوە:

WWW. Kurdmedya.com




1 ئەم نوسینە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا نوسراوە, ئەگەر نا لە ڕۆژانی 30-31ی 2008/10دا لە دهۆك فیستڤاڵێك بۆ یادی بایەزیدی سازکرا. (ڕۆڤار)


ڕۆڤار
51
ئاگرێك لە دڵەوە
کەشتێك بە دنیای پیرەمێرددا
شیعرو ڕۆژنامەوانی
- هەڵبژاردە -


ڕۆڤار
50
حاجی قادری کۆیی
غەریبێ .. غوربەتی کرد بە وڵات
هێڵکاری: ڕوستەم ئاغالە


ڕۆڤار
49
لەتیف هەڵمەت
چرایەک لە شەپۆلی کەرداودا
هێڵکاری: سەعید ئیسماعیل


ڕۆڤار
48
مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی
شەهیدی فیکری مێژوو
هێڵکاری: ناز هندی